# چەمکی فەلسەفەی پەروەردە

ebrahimEsmailPur 10.09.08



**نووسینی:دوکتور میر عەبدول حسەین نەقیب زادە وەرگێران :ئیبراهیم ئیسماعیل پوور**

دەتوانین لەسێ راونگەوەبڕوانینەفەلسەفەی پەروەردە.یەکەم وەکووئاکامەکانی پەروەردەیی بیرە فەلسەفی و مەتافیزیکیەکان،دووهەم وەکوو لێکدانەوەی چەمک و بژارە پەروەردەییەکان ،سێهەم وەکوو پێکهاتەیەک
لەهزرکە ئاکامێکەلە گەڵاڵە و هەڵسەنگاندی پرسیارە بنەڕەتیەکان لەمەڕپەروەردەوچەمکەکانی بەستراوەبەوەوە.واتەئەوڕێگایەی کە بە ئەفلاتوونەوە دەستی پێکردوکەسانێکی وەکوو: ئەرەستوو،ڕۆسۆ و کانت ودیۆیی درێژەیان پێدا. بەم پێیەدەتوانین بۆباسکردن لەفەلسەفەی پەروەردەش سێڕێگا بگرینەبەر:دەسکەوتی فەلسەفەی پەروەردەلەقوتابخانە فەلسەفیەکان، لێکدانەوەی لۆژیکی چەمک وبژارەگەلێک کە فەیلەسووف یاخۆ راهێنەرەکان هێناویانەتەئاراوە،ولەئاکامدا ئاوڕدانەوە لەوفەیلەسووفانەی کەلەسەر پەروەردە تێفکریون ویان ئەوراهێنەرانەی کەلەڕوانگەیەکی قووڵ وفەلسەفیانەوە روانیویانەتەپەروەردە،وئینجابەکەڵک وەرگرتن لەدەسکەوتەکانیان،وڵامی ئەوپرسیارانەبدرێنەوە کەلەم بارەوە دێنەگۆڕێ.
ئەم نووسراوەیە،هەوڵێکەبۆتوێژینەوەلەسەرئەم سێڕوانینە و هەڵسەنگاندی ئەم سێڕێگاو هەنگاوە یە بۆرۆشنگەری لەمەڕچەمکی ((فەلسەفەی پەروەردە.
لەڕوانگەیەکەمەوە،فەلسەفە لەپێش هەمووشتێکدا سیستمێکە لە تێرامان لە سەر زاتی راستەقینە وبایەخەکان،فەلسەفەی پەروەردەش بەکاربردنی ئەو هزر وتێرامانانەیە لەپەروەردەدا. لەم روانگەوە، بەسەرنجدان بەوەی کەهەرسیستمێکی فەلسەفی وەکووپێکهاتەیەک لە هزرەئاوەزمەندانەکان ، بنەڕەتی ئاکامگەلێکی لەڕادەبەدەرن، تەنانەت لەهزری ئەوفەیلەسووفانەش کە نەپرژاونەتە سەرباسی پەروەردە، دەتوانین ئاکامی پەروەردەیی وەربگرین.
ئەو ڕەوتەی کەلەم روانگەوە دەڕوانێتە فەلسەفەی پەروەردە لەسەر دووگریمانە ڕاوەستاوە. سەرەتائەوەی کەدەتوانین هزری هەموو فەیلەسووفەکان بەشێوەیەکی دیاریکراو لەسیستمێکی فەلسەفیداجێبکەینەوە وبەم شێوە لەژێرناوی ناتۆرالیسم وئایدیالیسم ورئالیسمدا کۆیان کەینەوە ، دووهەم ئەوەیەکەلەنێوان ئەندێشەکانی فەلسەفەوبیرو بۆچوونەکانی پەروەردەدابەستراوەییەکی پێویست ولۆژیکی ئەدۆزرێتەوە،هەربۆیەبەناوبردنی فەیلەسووفێک لەخانەی پێکهاتەیەکی فەلسەفیدا دەتوانین بۆچوونەکانی لەسەرپەروەردە هەڵێنجین.بەڵام لەلایەکەوە هەموو فەیلەسووفەکان بۆسازدانی سیستمێکی فەلسەفی تێنەکۆشاون وتەنانەت زۆریان ئەم سازدانەیان بەناڕەوازانیوە، لەلایەکی تریشەوە وانیەکەهەموو هزری فەیلەسووفەکان بەتەواوی لەچوارچێوەی سیستمێکی فەلسەفیدا بگونجێ.
خاڵێکی تریش ئەوەیەکەفەلسەفەی پەروەردە،زۆرجارلەگەڵ کۆمەڵە پرسیارێکدا ئاوێتەیە کەتایبەتن بەو،ئەو پرسیارانەی کەلەهزرەگشتیەکانی مەتافیزیکی و بوونناسییەوە سەرچاوەناگرن . هەرلەم سۆنگەوەیە کەزۆرجار دەبیندرێ ئەوفەیلەسووفانەی کە لە سەرهزرەمەتافیزیکیەکان بە یەکەوە دژایەتیان هەیە،لەزۆربەی هزرە پەروەردەییەکاندا لەیەک نزیک دەبنەوە،
تائەورادەکەدەتوانین بڵێین ئەو ناتەباییانەی کەلەپەروەردەدادروست دەبن هەرگیز بەرادەی ناتەبایيە مەتافیزیکییەکان نین

که دایمه گۆڕەپانی شەڕەبێکۆتاییەکانن. بۆروونکردنەوەی زیاتری ئەمباسانەسەرنج دەدەینەنموونەگەلێک لەکەڵک لێوەرگرتنی شێوازوگریمانەکانی-چوارفەلسەفەو بەکاربردنیان لەپەروەردە و دیندا-نووسراوی دۆناڵدباتلێر.1

باتلێرلەم کتێبەداپاش ئاماژەکردن بەنوێنەرانی ناتۆڕالیسم وئایدیالیسم ورئالیسم وپڕاگماتیسم ، خۆ بە چوار ڕەهەندی مەتافیزیک وزانستناسی ولۆژیک و بایەخناسی‌یەوە خەریک دەکات وئەوسا دەربارەی کەڵکوەرگرتن لەو هزرانە لە پەروەردەدا ئەدوێ و هەڵیان دەسەنگێنێ. لەپاژی یەکەمدا،دوای ئاماژەکردن بە ناتۆرالیسم (سروشتخوازی)،کۆماس‌هابز و ژان‌ژاکڕۆسۆ و هێربێرتئیسپێنسێر وەکوو نوێنەرانی ئەوسیستمەدەناسێنێ. لەپاژی دووهەمدا ،ئەفلاتوون ،دێکارت ،ئێسپینۆزا ،لایبنیتس ،بێرکلی، کانت و هێگل وەکوو نوێنەرانی ئایدیالیسم ناودێردەکات وئەوسالەئایدیالیسمی هاوچەرخ لەبەریتانیا و ئەمریکا ئەدوێ. لەپاژی سێهەمدا،رئالیسم دێنێتەگۆڕێ وئەرەستوو، تۆماس‌ئاکۆئیناس ،کۆمینووس، دێکارت ،ئێسپینۆزا،لاک،کانت،هێربارت،ویلیامجیمز، نێئۆرئالیست ورئالیستە رەخنەگرەکان وەکوو نوێنەرانی ئەم بۆچوونەدەناسێنێ. لەپاژی چوارەمدا،پاش ئاماژەکردن بەڕیشەکانی پراگماتیسم، فرانسیس‌بیکەن وئاگۆستکۆنت وەکوو پێشڕەوانی ئەم سیستمەناوئەباو ئینجا باس لەسوننەتی فەلسەفی پراگماتیسم لەئەمریکادادەکات و لە پیێرس وجیمز و دیۆیی ئەدوێ.

بەڵام سەرەڕای ئەوەی کەپراگماتیسم ورئالیسم،پێکهاتەی فەلسەفی نین-چونکەپراگماتیسم،جۆری ڕوانین ومیتۆدی فەلسەفی‌یە و رئالیسمیش،بەرلەهەرشتێکی‌تر،بیرۆکەیەکی زانست ناسانەیە و بەس -ئەوشتەی لەسەر ئایدیالیسم وناتورالیسمیش دەگوترێ زۆرڕێکوپێک وئاشکراکەرنیە. ئەوقسانەی کەلەسەرئایدیالیسم-کە نووسەرسەربەوپێکهاتەیەیە - دێنەئاراوە، بەم هۆیەناڕێکوپێک وتەنانەت سەرلێ‌شێوێنە کە تا ڕا و بۆچونێک لەسەر بوار وبابەتەدیارەکان لەئارادانەبێ کەڵک وەرگرتن لەم وشەیە ناڕەوایە.

چونکەلەلایەکەوە ئەم وشەی ەهەم د ەگەڕێتەوە سەر ئەندێشە(ئیدە)وهەم ئارمان(ئیدئال)،لەلایەکی تریشەوە خودی وشەی ئیدە زۆرجاربۆ فەیلەسووفە جۆراوجۆرەکان،جیاوازی بنەڕەتی هەیە. هەربۆیەناوبردن لەکەسانێکی وەکوو ئەفلاتوون ودێکارت وئیسپینۆزاو لایب‌نیتس و بێرکلی وکانت وهێگڵ لەژێرسەردێڕی«ئایدیالیسم»دا خوێنەری نائاشنای بەئەندێشەی ئەم فەیلەسووفانە -کەجیاوازیەکانیان زۆربنەڕەتین- زۆرجارسەری لێدەشێوێ وبەتایبەت ئەوە کەنووسەری ئەم دێڕانەش لەبەشێکی تری لەنووسینەکانی‌دا،زۆربەی هەرئەم فەیلەسووفانەلەژێرناوی رئالیسمدا کۆدەکاتەوە.

خاڵێکی تری سەرنجڕاکێش ئەوەیەکە ئایدیالیسم لەروانگەی مەتافیزیک وزانستناسی‌یەوە، جیاوازە. لەبەرچاو نەگرتنی ئەم جیاوازییەبەتایبەت لەسەدەی نۆزدەهەم بەم لاوە-زیاترلەلایەن نووسەرانی مارکسی‌یەوە- جیالەوەی باسەکەی شاراوەترکردووە،زۆرجارئاکامەکانیشی بەرەوهەڵەبوون و سەفسەتاوی‌بوون بردووە.(2) لەروانگەی زانستناسی‌یەوە،ئایدیالیسم لەبەرانبەر ریئالیسمدا ئەوەستێ.ریئالیسم(واقیع خوازی)بۆ بابەتی شناسایی راستەقینە سەربەخۆ لە ئەندێشەوهەست کاردەکات و ئەمەلەحاڵێکدایە کە ئایدیالیسم هەم هەبوون و هەم چۆنیەتی بابەتی شناسایی بۆهەست وپێزانین(ئیدراک)دەگێڕێتەوە. لەم روانگەوە ئایدیالیسم بەجۆرج بێرکلی قەشەوە دەست پێدەکات.(3) بەڵام لەروانگەی مەتافیزیکەوە،ئایدیالیسم یان ئەوەیە کە ئیدە واتە زاتێکی مەعنەوی یا گیان بە بنەما و ئاخێزگەی هەستی دەزانێ یاخۆ هەموو پلەوپایەکانی هەستی لە پلەوپایە ئاشکراکراوەکانی ئەو ئاخێزگە تاقانەیەدا دەبینێ و دەنا بیرۆکەیەکەبۆئیدە،گیان وزاتی مەعنەوی وبایەخی بنەڕەتی دەخوازێ ولەجیهانی هەستیدا پێش لەماک یاخۆ ئافرێنەری‌ماکی دەزانێ.

بەمجۆرە لەواتای یەکەمدا، ئەتوانین چەن کەسێکی کەم لەفەیلەسووفەکان بەئایدیالیست بژمێرین ولەریزی بێرکلی‌دابیانهێنین. لەواتای دووهەمدا،ئەوفەیلەسووفانەی کەخودا یا زاتی مەعنەوی بە بنەڕەتی هەستی دەزانن وگشت بوونەوەرەکان بەدیاردەی ئەو زاتە تاقانەیە دێننەئەژمار-واتە ئەو فەیلەسووفانەی کەروانگەی یەک گەوهەری (تاقانەخودایی)وعیرفانی‌یان هەیە- ئایدیالیستن. لەم واتایەدا فەیلەسووفانێکی وەکوو: پلوتینووس،سۆهرەوەردی، مەلاسەدرا ،ئیسپینۆزا وهەروەها فیشتە، شلینگ،هێگل وبرادلی ئایدیالیست دێنەئەژمار. لەواتای سێهەمدا ئەشێ هەموو فەیلەسووفە خوداناسەکان - لەفەیلەسووفەکانی کەوناراوە بگرە تا فەیلەسووفەکانی دەورانی نوێ-بە ئایدیالیست ناودێربکەین. لەواتایەکی بەربڵاوتردا-واتەئەوشوێنەی کەئایدیالیسم بەتەواوی رووبەڕووی ماتریالیزم دەبێتەوە- زۆربەی فەیلەسووفەکان- لە فەیلەسووفەکان خوداناسەکانەوە بگرە تا ئەو فەیلەسووفانەی کەخوانەناسن وماتریالیزم نین-ئەشێ بەئایدیالیزم بزانین.

ئێستابەسەرنجدان بەوپێشەکی‌یەکورتە بۆمان روون دەبێتەوەکە بۆنموونە هیچکات ناتوانین ئەفلاتوون و ئەرەستوو وەکوو ئایدیالیزم و نائایدیالیزم لەرووبەڕووی یەکدا دابنێین.(4) چونکەلەواتای یەکەمدا هیچکام لەم دوو فەیلەسووفە ئایدیالیست نین.(5)(لەم واتایەدائەفلاتوون لەدووروانگەوەرئیالیزمە،چونکە هەم بۆ جیهانی جەستەیی راستەقینەی سەربەخۆ لە ئەندێشە و هەستی قەبوولە،هەم بۆ ئیەکان) و لە واتاکانی تردا، ئەشێ هەم ئەفلاتوون وهەم ئەرەستوو بەئایدیالیزم بزانین،وهەروەهابەسەرنجدان بەمانای بەربڵاوتری ئایدیالیزم،زۆربەی ئەوکەسانەی کەباتلێر بە ریئالیزم وناتورالیزم و پراگماتیسمیان دەزانێ-لە نێواندا کەسانێکی وەکوو:تۆماس‌ئاکۆئیناسی قدیس،کومینوس، لاک، رۆسۆ، هێربارت، جیمز،دیۆیی، راسێل و واتیهێد - ئەشێ بەئایدیالیزمیان لەقەڵەم بدەین.

بەسەرنجدان لەوباسە کورتەی هاتە ئاراوە،سەیرنیە کە دەبینین،بۆجیاکردنەوەی بیری پەروەردەیی فەیلەسووفەکانی هەرقوتابخانەیەک لەقوتابخانەکانی‌تری فەلسەفی،سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵ وتێکۆشانەی نووسەر،دیسان ئاکامێکی رێکوپێک ودروست مسۆگەرنابێت. واتە زۆربەی ئەو ئەندێشە پەروەردەییانەی کەدەخرێنە پاڵ نوێنەرانی قوتابخانەیەکی

فەلسەفی،لەلایەکەوەبەهیچ جۆرێک تایبەت بەوقوتابخانەیە نین  بەڵکوو بە هەمان جەختەوە لە قوتابخانەکانی تریشدا دەیانبینین و لەلایەکی تریشەوە هەموو نوێنەرانی ئەوقوتابخانەیەخاوەنی هەمان ئەندێشەنین. بۆوێنە،سەرنجدان بە راهێنانی لەش و بەسەرەتازانینی ئەم کارەکەنووسەر دەیخاتەپاڵ نوێنەرانی سروشتخواز(ناتورالیسم)ەوە(6)، بەهەمان پشت پێوەبەستن و جەختەوە لەئەندێشەی ئەفلاتووندا- کەنووسەربە باوکی ئایدیالیزمی ناودەبا(7)دەبیندرێ. هەروەها هەربەم شێوە پشتبەستن بەئاڵوگۆڕی سروشتی،راهێنانی ئەندێشە و هاوئاهەنگی لەش ورەوان وزانستکۆکردنەوە هیچکامیان وبەهیچ شێوەیەک تایبەت وەکوو یەکێ لەنوێنەرانی ئایدیالیزم کە :خووو خدەی Horne بەفەلسەفەی پەروەردەی سروشت خوازی نین.یا خۆئەم وتەیەی هۆڕن خراپ...شتێکی زگماکی نیە بەڵکوو دەستکردی پەروەردەیە.(8) وهەروەها«بۆئایدیالیزم،پەروەرەی راستەقینە بێگومان پەروەردەی خووخدەیە«.(9)خاڵگەلێکن کەزۆربەی نوێنەرانی فەلسەفەکانی تریش قەبووڵیان کردوون و کەسانێکی وەکوو .هێرپارت وراسێل-کەنوێنەرانی ئایدیالیزمن-جەختی زۆریان لەسەرکردۆتەوە

هەربەم شێوەیە جەخت کردن لەسەر ئەوەی کەمامۆستا ئەشێ قوتابی خۆش بوێت وتامەزرۆیی فێربوونی تێدا وەخەبەربێنێ(10) و قوتابی(11) خاڵگەلێک نین کەتایبەت بەئایدیالیزم بن، بەڵکوو کەسانێکی self-activity هەروەها جەختکردن لەسەرخۆکاری وەکوو رۆسۆ و دیۆیی- کەنووسەریەکیان بەسروشتخواز و ئەویتریان بەپراگماتیزم دەزانێ- هێندەیان لەسەرجەخت کردۆتەوەکە حەوجێی بەدووبارە گوتنەوەنیە. نموونەیەکیتر، ئەم وتەیەی هۆڕنەکەئەڵێ : «هەموو بابەتە وانەییەکان ئەشێ وەکوو کەرەسەگەلێک بن بۆژیانی بێکەمایەسی لەرێگای فامکردنی دروستی ژیانەوە، وزانیاریەکان بچنە قالبی زانستەوە.»(12) بڕێک خاڵ وێڕای ئەوەی کەلەئەندێشەی دیۆیی‌دا هەن لەئەندێشەی رۆسۆ وئیسپێسێر و وایتهێدیشدا هەن. وایتهێددەڵێ:«لەپەروەردەدا تەنیا وانەیەکی  یەک بابەتی هەیە کەلەراستیداژیانە، ژیان بەهەمووڕواڵەتەکانیەوە«.(13)  بەم جۆرە لەم جیگەیەدا کەلە سەرئەزموونی ە.(14) خاڵێک دێنێتەگۆڕێ کەلەئەندێشەی (re-creating)راستەوخۆ ئەدوێ بۆئایدیالیستەکان فامکردن جۆرێک لەدیسان ئافراندن و دیسان چێکردنەوەی ئەزموون و لەئەندێشەی رۆسۆدا بەشێوەی دیسان  (reconstruction)دیۆیی‌دا بەشێوەی دیسان چێکردن دۆزینەوە جەختی لەسەرکراوە. هەرئەم ئەزموونەراستەوخۆیەیە کە وایتهێد بە زانستی پلەیەک ناوی لێئەبا و بەبنیاتی ژیانی (ئاوەزمەندانەی دەزانێ وبێموبالاتی خوێندەوارەکان دەگێڕێتەوە سەر بێبەهرەبوون لەم زانستە.(15

لەلایەکی ترەوە،ئەوکاتەی کەباتلێر بۆ باسکردن لەتایبەتمەندیەکانی پەروەردەی ئایدیالیزم لەکاریگەری مامۆستا لەسەر بنیاتنانی دێموکراسی ئەدوێ،قسەکەی کتومت لەجێی خۆیدانیە، چونکە لە لایەکەوە جەختکردنەوە لە سەردێموکراسی و کاریگەری پەروەردە و فێرکردن لەوەدیهاتنی‌دا،کاری دیۆیی‌یە کە فەیلەسووفێکی پراگماتیزمە نەک ئایدیالیزم ولەلایەکی تریشەوە ئایدیالیستەکانی وەکوو فیشتەوهێگڵ وجنتیلە جیالەوەی کەجەخت لەسەر دێموکراسی ناکەنەوە بەڵکوو تەنانەت قەبووڵیشی ناکەن. جنتیلە کەبە بڕوای نووسەرنوێنەری ئایدیالیزم لەپەروەردەدایە،وەزیری فەرهەنگی دەوڵەتی فاشیزمی ئیتالیایە ولە نامەیەکدا کە بۆ موسولینی- بەدیهێنەری ناسراوترین رژێمی توتالێتری-دەنووسێ، زیاترلە ئازادیخوازەکان (لیبراڵەکان) ، بەئازادیخوازی (دەزانێ.(16

بەمجۆرەداوەری‌کردنی لەسەر ریالیزم وئەم قسەیەی کە»پەروەردەوفێرکردن لەرووسیەی شۆڕەویدالەم بارەدا کە لە کەرەسەجۆراوجۆرەکان کەڵک وەردەگرێ تا بەو جۆرەکە راهێنەرەکان دەخوازن بیچم          بە کوڕان و کچان وبارهێنانیان بدەن،ریالیستی‌یە»(17) ناڕێکوپێک وهەڵەیە. چونکە ئەمجۆرە پەروەردەیە کەلەکۆمەڵگا توتالێترەکان کەڵکی لێوەردەگیرێ، ئەگەرچی لەگەڵ ئەندێشەی ریالیستەکانی وەکوو فیشتە و جنتیلەوتەنانەت هێگڵیش کەدەوڵەت بەراستەقینەی ئەخلاق دادەنێ بەباشی سازگارە، بەهیچ جۆرێک لەگەڵ ئەندێشەی کەسانێکی وەکوو راسێل و وایتهێد- کەلەنوێنەرانی ریالیزمن-سازگارنیە. بەڵام جیالەوشەی ناڕوون وناڕێکوپێکی ئایدیالیسم کەشەبەنگێکی بەربڵاوی هەیە، ئەو ناوە کەم  یازۆر ڕێکوپێکانەی وەکوو پراگماتیزمیش کەبەشێکی کەم لەفەیلەسووفەکان لەخۆی دەگرێ، ئێمە لەناسینی خۆی بێنیازناکات، هەربۆیە سەرەڕای ئەوەی کەکەسانێکی وەکووپیێرس، جیمز و دیۆیی لەژێرناوی پراگماتیزمدادێنین، کە بەڕێکوپێکی لەگەڵ ئەم فەیلەسووفانەدا ئاشنادەبین ئەوجیاوازیانەمان بۆروونتر دەبێتەوەکەهەیانە. بۆنموونە سەرنجی تایبەتی جیمز بە دین و مەتافیزیک ووەپشت گوێخستنی  واتاداری دین لەلایەن دیۆیی‌یەوە، یاخۆ کەڵک وەرگرتن لەپراگماتیزم لەبارەی واتاوە لەلایەن  پیێرس و لەبارەی راستەقینەبوونی ئەندێشەکانەوەلەلایەن جیمز و دیۆیی‌یەوە (هەرئەم جیاوازییە بووکەپاش ناوبانگ دەرکردنی پراگماتیزم بەهۆی جیابکرێتەوە).(18) هەرئەم خاڵەلەبارەی pragmatismتالەpragmaticismویلیامجیمزەوە، پیێرس ئەندێشەکانی خۆی ناونا ئیگزیستانسیالیزمەوە-کەئەویش چەندکەسێکی کەم لەفەیلەسووفەکان وەخۆدەگرێ- راستەو تەنانەت گرینگییەکی زیاتریشی هەیە.

هەربۆیەلەپێش بەتەواوی ناسینی ئەو فەیلەسووفانەی کە بەو ناوەوە ناسراون بەهیچ جۆرێک ناتوانین لەسەر ئەندێشەکانیان - ولەناویاندائەندێشە پەروەردەییەکانیان-داوەری بکەین. بۆوێنە جیاوازی ئەندێشە و رەوشتی دوو فەیلەسووفی ئەڵمانیایی هاوچەرخ، مارتین‌هایدگێر و کارڵیاسپرس، کەهەردووکیان ئیگزیستانسیالیزمن،(19) تائەورادەیەیەکەیەکیان(واتەهایدگێر)سەرەڕای ئەوەی کە ناسیۆناڵ سوسیالیزم  پەسەندئەکات و لەهاوکاری‌کردن لەگەڵ سامناکترین رژێمەتوتالێترەکان سڵ ناکات و ناپرینگێتەوە ،بەڵکوو تا ئەوڕادە دەچێتە پێش کەبەلاوانی ئەڵمانیایی دەڵێ:کەئەندێشە وێڵ کەن و گوێ بەفەرمانی پێشەوا بسپێرن(20) ، ئەوی‌تر (واتەیاسپرس) لەگەڵ ئەوەی کەلەباتی مامۆستایەتی لەزانکۆکە بۆتە کەرەسەیەک بۆسیاسەت و پروپاگەندە ، خانەنشینی هەڵدەبژێرێ وهەموو هەوڵی خۆی دەخاتەگە ڕتا مرۆڤ لە ئاوەزوئازادی ورۆشنگەری وبایەخی مرۆڤایەتی بێ بەش نەبێت وبۆگرینگ

نیشاندانی ئاوەز و بیر تا ئەوراده دەچێتە پێش کەئەڵێ:تەنانەت تامەزرۆیی سەرچاوەگرتوو لەهەستی رەسەنی مرۆڤیش
ئەگەربەچرای بیر رووناک نەکرێتەوە زۆرجار دەگاتە تاریکی ودەمارگرژی وتوندوتیژی و وێرانی.
بەسەرنجدان بەو شتانەی تا ئێستا رابردبۆمان روون دەبێتەوە کە شێوازی یەکەم واتە هێناوەی ئەندێشەی فەیلەسووفەکان لەژێرناوەگشتیەکاندا و داوەریکردن لەسەربیری پەروەردەیان بەمتمانەی هەمان ناو ، بێقازانج ونارێکوپێک وزۆرجارنادروستیشە. ئەگەر لەم شێوازەدا تەنیا لەسەربنەڕەتی ئەندێشە گشتیەکان وپێکهاتە فەلسەفیی‌یەکان بۆوەدەست‌هێنانی بیرۆکە پەروەردەییەکان جەخت‌دەکرێتەوە، لەشێوازی دووهەمداکەتەنیا لێکدانەوەبەکاری فەلسەفەدەانێ،گۆڕەپانی فەلسەفە هێندە چکۆلەدەکاتەوە کەدەربڕینی هەربیر و بیرۆکەیەکی لێ‌دەستێنێتەوە. بزاڤی لێکدانەو ە کە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم وسەرەتای سەدەی بیستەمدا لەرەوتی گۆڕینی مێژووی فەلسەفەدا گرینگی پێدرا ،بزاڤێک بووکەلەپێش هەمووشتێکدابۆرووبەڕووبوونەوەلەگەڵ پێکهاتە فەلسەفییە بەرزەفڕەکاندا وبەتایبەت ئایدیالیزمی هێگڵی هاتە ئاراوە. ئەم و بێرتراندراسێل پێشەنگی بوون،بەرابردنی زەمان نوێنەری جۆراوجۆری بەخۆیەوەدیت بەشێوەگەلی G.E.Moore بزاڤەکەموور جۆراوجۆردەرهات. کەلەوانە دەتوانین ئاماژەبکەینەسەر:ئەزموونگەرایی لۆژیکی،پۆزیتیویزمی لۆژیکی،فەلسەفەی لێکدانەوەی لۆژیکی وفەلسەفەی لێکدانەوەی زمان.
زۆربەی نوێنەرانی ئەم بزاڤە کەوردبوونەوەی دروستیان تەنیالەزانستگەلی ئەزموونی و گوزارەگەلی لۆژیکی وبیرکاریدادەدی ، لەسەرئەم بڕوایەبوون کەگوزارەگەلی رێکوپێک یان گوزارەگەلی ئەزموونی بابەتی راستەقینەیان هەیە یا خۆ گوزارەگەلی لۆژیکی tautology. وبیرکاری لەکۆتاییدا دەگەڕێنەوە سەر دروست-نوێن
فەلسەفەبابەتێکی راستەقینەی نیە و هەر ئەمەدەبێتەهۆ کە فەیلەسووف لەلایەکەوە چەمکەکان لێکداتەوە ولەلایەکی تریشەوە وتە جۆراوجۆرەکان وجیاوازبوونی گوزارەکان لەجۆرەکانی تری پەیڤ ونیشاندانی واتاداربوون و بێواتابوونی ئەو گوزارانە تاووتوێ دەکات. ئەوانەی کەبەچاوی شک وگومان وحاشالێکردنەوە دەیان ڕوانیە پێکهاتەسازی وبیرۆکەدانەری ، پەیتاپەیتا پانتایی گۆڕەپانی فەلسەفەیان کەم کەردەوە ، تائەوجێگایەکەبێجگە لە لابردنی بەشەکانی هەبوونناسی وزانستناسی،فەلسەفەی ئەخلاقیشیان وەلانا. ئەمەلەحاڵێکدایەکەفەلسەفەی ئەخلاق بۆ مرۆڤ وژیان وپەروەردەی مرۆڤ زۆرگرینگە. ئەوان فەلسەفەی ئەخلاقیان هێناریزی تاوتوێکردنی چۆنیەتی داوەرییە ئەخلاقیەکان وبەو ئاکامەگەیشتن کە وتە ئەخلاقیەکان تەنیا دەربڕی حاڵەتەکانی وێژەرن و ناتوانن دروست یاهەڵەبن وگوزارەیان ناولێنرێ (چونکەگوزارە پەیڤێکە کەدەکرێ لەسەرراستی وناڕاستیەکانی قسەبکرێ). کەسانێکی‌تر لە سەرئەم خاڵەجەختیان کردەوە کەئەخلاق لەگەڵ«ئەشێ»کانا سەروکاری هەیە و تێپەڕبوون لە«وایە«- واتەئەوشتەی کەلەسەر راستەقینەیە و گەیشتن بەئەشێ کەبەدوورلەجەغزی راستەقینەیە- کارێکی لۆژیکی نیە. واتەبەشێوەیەکی لۆژیکی ناتوانین لەگوزارەکانی جۆری یەکەمەوە بگەینە گوزارەکانی جۆری دووهەم ((هەرچەند ئەوەی کەوەک گوزارەی جۆری دووهەم ناومان لێبرد ، زۆرجاربەواتای رێکوپێک،گوزارە نیە.
بەمجۆرە لەبوارگەلی وەکوو فەلسەفەی مێژوو ،فەلسەفەی سیاسەت وفەلسەفەی پەروەردەش کاری فەیلەسووف بیرۆکەدانەری نیە بەڵکوو تاو توێکردن و رۆشنگەری چەمکەکان وگوزارەکان وئەو وتانەبزانین کەلەم بوارانەداگوتراون، ئەو چەمک و گوزارانەی کەفەیلەسووف وەدی نەهێناون بەڵکوو پەیتاپەیتا وەری دەگرێ.هەربۆیەئەوشتەی کەبەفەلسەفەی پەروەردەناوی لێدەبرێ،بەهەڵسەنگاندنی وتە و گوزارەکان سنووردارەدەکرێ کەلەسەرچاوەکانی ترەوە وەدیهاتوون.
ئەمجۆرە دەسکەوتە لەفەلسەفەی پەروەردە، بۆئەو راهێنەرانەی کەلەفەلسەفەی پەروەردە بە تایبەت لەواتای یەکەمی‌دا زۆرناڕازین، قەبووڵ کراوترە. ئەوان لەسەرئەو باوەڕن کەپەروەردە ناشێ وناتوانێ لەسەربنەمای سیستمە فەلسەفیەکان-کەخۆیان لەشەڕێکی بێکۆتاییدان- دابمەزرێ.(21)بەبۆچوونی ئەوان فەلسەفە پەیڕەوی چۆنیەتی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی‌یە و هەرلەبەرئەوەش لەوەزیاتر تووشیاری چۆنیەتی رێژەیی وبەربڵاوی‌یە کەبتوانێ بەبنەمایەکی جێی متمانە بێتەئەژمار.
«دامەزراندنی کاری قوتابخانەلەسەر پێکهاتەیەکی فەلسەفی بە هەمان ڕادە لەگەڵ دێموکراسی ناسازگارەکەلەسەربیروباوەڕی تایبەتی گروپێکی ئاینزایی دابمەزرێ.»(22)هەربۆیەچاکتر وایە کەپەروەردە بەشێوەی بابەتێکی سەربەخۆ و پێکهاتەیەکی خۆدامەزراوی لێبێت.
بەڵام ئەوشتەی کەلەمبارەوە دەتوانین بەکورتی وکوردی بیڵێین  سەرەتا ئەم خاڵەیە کەسنووردارکردنی کاری فەلسەفە بەلێکۆڵینەوەی چەمکەکان وگوزارەکان ناڕەوایە.چونکە لەگەڵ ئەوەدا کەلێکۆڵینەوە یەکێک  لەگرینگترین لایەنەکانی فەلسەفەیە وتەنانەت یەکەم هەنگاوی بیری فەلسەفی‌یە، کاری فەیلەسووف بەهیچ شێوەیەک تەنیا بە لێکۆڵینەوەسنووردارناکرێت. خاڵێکی‌ترئەوەیەکە گوزارەئەزموونی وزانستی وبیرکاری ولۆژیکی‌یەکان بەوهەمووگرینگیەوەکە هەیانە ناتوانین بەتەنیا گوزارەی بەواتایان دانێین.
جەغزی بیروفەرهەنگ وژیان زۆر لەوە بەربڵاوترە کە بەم مەڵبەندە چکۆلەیە سنووردار‌بکرێت.لەم بارەوە تەنانەت دەتوانین بڵێین کەوالاترین لایەنی ژیانی مرۆڤ واتەفەرهەنگی ئینسانی لەپێش هەر شتێکدا لەراستیدا سنووری بایەخەکان ، و بایەخەکانیش کەلەجەغزی زانست وچوارچێوەی لۆژیک بەدەرن زۆر جار تەوەرەی ژیان وپەروەردەی مرۆڤ- کەلەوالاترین واتادابەرەوبایەخەکان چوونە-دێنە ئەژمار. خاڵێکی‌ترئەوەیەکەئەم بەدەرلەجەغزی زانست ولۆژیک‌بوونە ناشێ بێ‌ئاوەزانەبێتەبەرچاو،چونکەلۆژیک -بەهەمووگرینگ بوونەکانیەوە- جگەلەیەکێک لەلایەنەکانی بەکارهێنانی ئاوەزشتێکی‌ترنیە.

بەواتایەکیترنابێ لۆژیک بەهاوسەنگی«ئاوەزمەندانە«دابنێین. هەربۆیەسەرەڕای ئەوەکەتێپەڕبوون لە» هەیە « وە بۆ «ئەشێ»ولەراستەقینەوەبۆئارمان ، لەچوارچێوەی سنووورداری بەڵگەی لۆژیکیدا رەوانیە ولەگەڵ ئەمەشداکەهەر لەسەرەتاوە ، لەڕاستیدا ئاوەز ئەم جیاوازیانەی وەدیهێناوە، دەتوانێ دیسان ئەوان بەیەکەوە گرێ بداتەوەوخاڵی بنەمایی ئەوەیەکەلەراستیدا هەر ئەم پێکەوەگرێدانە،شەرتی پێویستی کارلەدەست هاتوویی ئاوەزە ، چونکەئەگەروانەبوایەئاوەزچۆن دەیتوانی لەلایەکەوە ڕێنوێن بێ بۆژیان ولەلایەکی تریشەوە لەتاقیکارییەجۆراوجۆرەکان پەندوەرگرێ، بتوانێ بەسەربایەخ وئارمانەکاندا بچێتەوە وخۆی لەم رەوتەدا، بەرەوکامڵبوون بچێ؟

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین رێگای نێوان «هەیە«و«ئەشێ»،راستە قینە و ئارمان،بۆچوون وکردەوە، رێگایەکی بەرانبەر و دوولایەنەیە. راستەقینە و ئەو تاقیکاریانەی کەلەسەر ژێرنەخشی راستەقینەن زۆرجاردەتوانن بۆ«ئەشێ»کان ببنەژێرنەخش و«ئەشێ»کانیش زۆرجار دەبنە رێنوێنی راستەقینە وتاقیکاری. هەرئەم خاڵەبنەڕەتیەیە کە دەتوانێ یارمەتیمان بدات کاریگەری راستەقانی فەلسەفەی پەروەرەفام بکەین . لەلایەکی تریشەوە وانیەکە فەیلەسووف، تەنیا لەسەر بنەمای گریمانە مەتافیزیکیەکان، فەلسەفەیەکی پەروەردە وەدیبێنی ولەلایەکیترەوە واش نیەکە-لەهەرجۆر ەداوەریکردن ورێنوێنبوون حاشابکا و تەنیا کۆکەرەوە و هەڵسەنگێنەری وتەی دیتران بێت.(23) هەروەکوو گوتمان رێگاهەرئەوەیە کەفەیلەسووفی مەزنی کەونارا ئەفلاتوون رچەی شکاند و پاش ئەو رێڕەوەجوامێرەکانی لەئەرەستووەوە بگرە تا رۆسۆ و کانت ودیۆیی ویاسپرێس پێوایان. کاری ئەمانە-ئەگەرلەزمان کورتەچیرۆکەکەی بیکەنەوەدەری ببڕین-وەکوو مێروولە نیەکە تەنیا گردوکۆبکەن و وەکو جاڵجاڵووکەش نی کە بۆخۆیان بیتەنن، بەڵکوو وەکوو هەنگەکەلەشیلەی گوڵەکان،هەنگوین دروست دەکەن. بەواتایەکیتر کاری ئەوان بێشک وانەبووە کەتەنیالەسەرمتمانەی هێندێ لەئەندێشەکانی گشتی و مەتافیزیکی لەسەرهەر بابەتێک داوەری بکەن وبەمجۆرە لەسەر مێژوو و سیاسەت وژیان وئایین وهونەرو مۆراڵ وپەروەردە بیرۆکەدابنێن.(24) بێشک جەوهەری بەفەلسەفەکردن، هەروەکوو ئەفلاتوون دەڵێ وردبینی وهەڤرا روانینە و بنەماکەشی بەرلەهەرشتێک ئاوەزوئاوەزمەندی یە. سەرەڕای ئەمانەش فەیلەسووف لەهەربوارێکدا لەهەر بەرهەمێک کەڵک وەردەگرێ، لەدەسکەوتە زانستیەکانەوە بگرە تا باوەڕە دینییەکان، لەئیلهامی شێعرو هونەر وجوانییەوە بگرە تا هەموو ئەزموون وتاقیکارییەکانی ژیانی تاک وکۆمەڵایەتی، وهەموو ئەوانەش نەک وەکوو کۆگایەک لە توخمە جیاواز و ناوێکچووەکان، بەڵکوو وەکوو پاژگەلێکی بەستراوەبە یەکەوە و گشتێکی ژینەوەری(ئۆرگانیک) کە خاوەنی نەزمێکی تایبەتە و هەموو تان و پۆکانی لەونەزمەوە رووناکی وەردەگرن وواتایەکیتر دەبەخشن.

وەرگرتنی واتای فەلسەفە بەمجۆرە، لەگەڵ ئەوەی کەلەم بۆچوونە هەڵەیە دوورمان دەخاتەوە کە هەرجۆرە بیرۆکە دانانێک بە فەلسەفەبزانین، هەروەهاهەڵەبوونی بیری ئەوکەسانەش نیشان دەدا کەپێیان وایەدەتوانن فەلسەفەی پەروەردە بخەنە لاوە، یاخۆ بیخەنە پەراوێزەوە و بیرۆکەی پەروەردە بکەنە جێنشینی.لە روونکردنەوەی ئەم خاڵەدا ئەبێ دوولایەنی جیاوازی فەلسەفەی پەروەردە لەیەک جیابکەینەوە. سەرەتا ئەوەی کەخۆخەریک کردن بەپرسیارەکانی وەکوو راستەقانی مرۆڤ و واتای ژیان وچارەنووسی مرۆڤ وئەندێشەی لەسەرپەروەردە لەواتایەکی سنووردارترو خۆخەریککردن بە پرسیارەکانی وەکوو کاریگەری ڕێباز ومیتۆد و بەرنامەڕێژی وبابەتگەلی فێرکاری. فەلسەفەی پەروەردە لەواتای رێکوپێک وراستەقینەی خۆیدا ئەوکاتە وەدی دێت کەبەهەردوو بەشەکەوە خۆیخەریک بکات. چونکەلەلایەکەوە،بەشی دووهەم بەردەوام بەبەشی یەکەمەوەبەستراوە ولەلایەکی ترەوە بەشی یەکەم، ئەگەرچی سەربەخۆلە بەشەکەی ترە، بەڵام بەبێئەوتەواو نیە.

یەکێ لەوخاڵەگرینگانەی کەلەم جیاوازییەدا ئەبێ سەرنجی بدرێتێ ئەوەیەکەئەگەربەشی یەکەم بەجەختکردنەوە لەسەرئاوەزمەندی وهەڵسەنگاندنی باوەڕەکان لەسەرتەرازوی ئاوەز، بەرەوپێش دەچێ، بەشی دووهەم بەردەوام لەگۆڕەپانی تاقیکاری وئەزموون نزیک دەبێتەوە ولە دەسکەوتە جۆراوجۆرەکانی تاووتوێگەلی ئەزموونی بەتایبەت ژێردەسەڵاتەیی دەروونناسی وکۆمەڵناسی سوود وەردەگرێ . زۆرجاربۆچووونداری لەسەرچۆنیەتییە ئەزموونییەکان و واقعیەتی

.زانستییە کە ئەوناسازگارییەی کەلەبەشەکانیتری فەلسەفەداهەیە،لەهەرێمی ژێردەسەڵاتی فەلسەفەی پەروەردەدا زۆرکەم دەبێتەوە

ئێستا بەسەرنجدان بەوجیاوازییە دەتوانین لەسەرئەو دوو گروپە قسەبکەین کەپێشتر باسمان هێنانەگۆڕێ وبڵێین هەڵەی گروپی یەکەم لەوەدایە کەلەحاندگرینگی لایەنی دووهەم چاودەنووقێنن ودەیانهەوێ تەنیا لەسەربنەماگشتی وفەلسەفیەکان ئەندێشەی پەروەردە دابمەزرێنن وهەڵەی گروپی دووهەم لەلایەکەوە ئەوەیەکەلەحاندگرینگی لایەنی یەکەم چاودەنووقێنن ولەلایەکیترەوە ئەوان لە سەر ئەوباوەڕەن کەکەڵک وەرگرتن لەدەسکەوتەکانی ئەزموونی دەروونناسی وکۆمەڵناسی، لە ئەندێشە فەلسەفیەکانمان بێنیازدەکات. بەڵام لەم بارەوەئەشێ بڵێین،بەبێ ئەوەی لەسەرلایەنی یەکەم بۆچوونمان هەبێت،تەنانەت ئەگەرپێکهاتەیەکی زۆر رێکوپێکیش بهێنینەئاراوە بەردەوام ئەم مەترسیە لەکاردایەکەلەگشتیەتی خۆیدا بەلارێدابچێت ووەکووفەیلەسووفی سەردەمی ئێمە-یاسپرێس-روونی کردۆتەوە، کەرەستەکان،بۆئامانج بێنەئەژمار،ئەگەرواى لێبێت تەوەرە وناوەندی هەرجۆرەفەلسەفەیەکی راستەقینەی پەروەردە، واتەمرۆڤ وریزوحورمەتی فەرامۆش دەکرێ.بەڵام هەڵەیەکیتر ئەوەیەکە لەئاکامی بۆچوونی ناتەواوی ئەوان لەسەرفەلسەفە و ڕوو وەرگێڕان لەم خاڵەدێتەئاراوەکەبەفەلسەفەکردن لەراستیداخۆخەریککردن بەوپرسیارە بنەڕەتی و هەڵسەنگاندنە ئاوەزمەندانە و بەهەڤراتێڕامانەیە لەهەربوار ولەسەرهەربابەتێک کەببێ. بەمجۆرە، ئەگەرئەم چۆنیەتیانە لەئارادانەبن، لەلای یەکدانانی دەسکەوتەکانی دەروونناسی وکۆمەڵناسی و دەسکەوتە ئەزموونیەکانیتر، هیچکات ئەندێشەیەکی پێکهاتەیی وگشتێکی سیستماتیک دروست ناکەن کە شیاوی ناوێکی تاقانەبن.

بەڵام ئەگەرئەم یەکگرتنە بەجۆرێک بێت کەلەبەر تیشکی وردبینی لەرادەی دەسکەوتەکانی ئەزموون وپەرش وبڵاو سەرتربچێ، واتەلەلایەکەوە بەربڵاو، لەلایەکەوەقووڵ بکرێتەوە و بەهاوئاهەنگی ویەکتایی بگات،ئەمەخۆی بەفەلسەفەکردنە و ڕوولەفەلسەفەکردن. ئەم قسەیەی دیۆیش کەئەڵێ فەلسەفە لەراستیدا بیرۆکەی گشتی پەروەردەیە کەم وزۆر دەچێتە ئەوبوارەوە، قسەیەکە ئەگەرچی ساناوسادەیە،بەڵام بێبنەماوبێواتانیە.

قسەی ئاخر ئەوەیەکەفەلسەفەی پەروەردە- وەکوو بەشەکانیتری فەلسەفە- لەپێش ئەوەداوڵامێک بۆپرسیارە دیاریکراوەکان بێت،ژێر نەخشێکە بۆوروژاندنی ئەندێشە،روونکردنەوەی ئاسۆگەلی نوێ ورزگارکەری مرۆڤە لە پێشداوەری وئاستەنگ،ئەوپێشداوەری وئاستەنگانەی کەبەردەوام لەبارودۆخی کۆمەڵگاوفەرهەنگ وتەنانەت لەسنووردارکردنەکانی سروشتی مرۆڤ وەدی دێن.

**پەراوێزەکان:**

1-butler,donald,four Piloso Phies and Practice in Education and Religion,Harper and Brothers Newyork 1951.

لە ماڵپەڕی دەنگەکانەوە وەرگیراوە.